بەڵغەمی خوێناوی نیشانەیەکی مەترسیدارە

د. هادی محەمەد

نەخۆشی سییەگیراوی درێژخایەن ناسراوبەCOPD یەکێکە لەنەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەو چەندین پرۆسەی نەخۆشیزانی تێکچڕژاو دەگرێتە خۆی وەك هەوی درێژخایەنی بۆری هەوا، هەوی درێژخایەنی بۆریچکە هەواو فرەهەواییبوونی سیکڵدانۆچکەکان (ئمفزیما). زۆرینەی نەخۆشەکانیش نیشانەی جەستەیی گشتی تیایاندا دەردەکەوێت وەك تێکچوونی شێوازی خواردن و بەکاربردنی، کێش دابەزین و بەدفرمانی پەیکەرە ماسولکەکان. ئەم نەخۆشییە بەئەندازەی بوونی گیران لەرێرەوی هەوادا پێناسە دەکرێت کە بەچەندین مانگ گۆڕانی بەرچاو تیایدا روونادات واتە وەك رەبۆ نییە لەناکاو دووچاری گیرانێکی سەخت ببێت و لەسەدا سەد بەچارەسەر پێچەوانە بکرێتەوە، بەڵکو گۆڕانەکان زۆر هێواش و بێدەنگ روودەدەن.

پاش زیادبوونی بەکارهێنانی توتن و جگەرە لەوڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا گرنگییەکی جیهانی بەم نەخۆشییە دراوە. ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستای بەردەوام بێت، ئەوا لەساڵی 2020دا دەبێتە هۆکاری پێنجەم بۆ پەککەوتن و هۆکاری سێیەمی مردن لەسەرتاسەری جیهاندا.

هۆکارەکانی مەترسی تووشبوون بەم نەخۆشییە زۆرن وەك: جگەرەکێشان لە95٪ بارەکان دەگرێتەوە، پیشە: کرێکاری کانە خەڵوزەکان و ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ کادمیۆمدا هەیە، پیس بوونی هەوا، خراپی و نزمی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەمی کێش کاتی لەدایك بوون (دەشێت ببێتەهۆی ئەوەی سییەکان نەتوانن فرمانی تەواوەتی خۆیان بەدەست بهێنن، لەتەمەنی گەنجیدا دەردەکەوێت)، گەشەی سییەکان: زیانەکان وەك هەوکردنەکانی کاتی منداڵیتی یان دایکی جگەرەکێش دەشێت کاربکاتە سەر گەشەی سییەکان لەکاتی منداڵیتیدا و ببێتەهۆی ئەوەی سییەکان نەتوانن فرمانی تەواوەتی خۆیان لەتەمەنی پێگەیشتوویدا بەدەست بێنن، هەوکردنەکان: هەوکردنی بەردەوام یان مانەوەی ڤایرۆسی Adeno لەشانەی سییەکاندا دەشێت ببێتەهۆی زیان گەیاندن، هەروەها ئایدز پەیوەندی بەئمفزیماوە هەیە، کێشانی مادده بێهۆشکەرەکان(حەشیش) ئەم خاڵەیان هێشتا جێگەی مشتومڕە.

هۆکارەبۆماوەییەکانیش وەك:کەمی ئەنزیمی (antiproteinase1α -)، فرە هەستیاری بۆری هەوا.

فسیۆلۆژی نەخۆشییەکە: ئەم نەخۆشییە کاردەکاتە سەر سییەکان هەروەها باری گشتی جەستەیی نەخۆشەکەش دەگرێتەوە. گەورەبوونی رژێنە دەردەرە لینجە ماددەییەکان و زۆربوونی ژمارەی خانە کوپەییەکان goblet cells لەرێرەوە هەواییەکاندا دەبنەهۆی زیاتربوونی دەردانی لینجە ماددەی بۆری هەوا ئەمەش

خۆی وەك هەوی درێژخایەنی بۆری هەوا نیشان دەدات. نەمانی شانەی لاستیکی دەوروبەری بۆری هەواییە بچوکترەکان، پاشانیش هەوکردن و بەریشاڵ بوونی دیواری بۆری هەواکان و کۆبوونەوەی لینجە ماددە لەناو بۆری هەوا، سەرجەم ئەمانە ڕۆیشتنی هەوا سنورداردەکەن.

لێرەوە داخستنی پێشوەختی بۆری هەواکان (بەهۆی لینجە ماددە و هەوکردنەکانەوە)، دەبێتەهۆی قەتیس بوونی گاز و فرە هەوایی ئەمەش دەبێتەهۆی کەم بوونەوەی توانای پێکەوە گونجان و هاوکاری سییەکان و دیواری قەفەزەی سنگ. لەکاتی وەرزش کردندا (واتە خۆ هیلاك کردن)، کاتی پێویست بۆ هەناسەدانەوە کورت دەبێتەوەو ئەمیش وردە وردە دەبێتەهۆی زیادبوونی فرە هەوایی لەناو سییەکاندا. تەخت بوونی ماسولکەکانی ناوپەنچك و زیاد بوونی باری ئاسۆیی نێوانە پەراسووە ماسولکەکان وا لەماسولکەکانی هەناسەدان دەکات لەڕووی میکانیکیەوە سوودییان نەبێت، لەبەرئەوە کاری هەناسەدان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات ئەمەش یەکەم جار لەکاتی هیلاکبووندا دەردەکەوێت، بەڵام کاتێك نەخۆشییەکە بەرەو پێشچوو، لەکاتی پشوودا ڕوودەدات.

لەیەکە موولولە خوێنیەکانی سیکڵدانۆچکەکاندا، کاری ئەنزایمە پرۆتین شکێنەرەکان و ئۆکسێنەرەکان دەبێتە هۆی تێکشکاندنی سیکڵدانۆچکەکان و دەرکەوتنی ئمفزیما. ئەمەش دەبێتەهۆی خراپبوونی ئاڵوگۆڕی هەواو هەناسە سستیٚ respiratory failure.

نیشانە دیدەنیەکانی

هەر نەخۆشێك تەمەنی لەسەروو40 ساڵییەوە بێت و نیشانەکانی کۆکەو بەڵغەمی بەردەوامی هەبێت و یان هەناسە توندی هەبێت، پێویستە گومانی سییەگیراوی درێژخایەنی لێبکرێت.

بەپشت بەستن بەنیشانەکان دەبێت لەهەمان کاتدا گومان لەڕەبۆ، سیل، بۆری هەواییە فراوان بووەکان و دڵە سستیی تێزاوCongestive cardiac failureبکرێت. ڕەبۆی توندی درێژخایەن سەختە لەCOPD جیا بکرێتەوە.

عادەتەن کۆکە یەکەمین نیشانەیە، بەڵام بەدەگمەن وا لەنەخۆشەکە دەکات سەردانی پزیشك بکات، بەشێوەیەکی تایبەتی ئەم کۆکەیە بڕێکی کەم بەڵغەمی خەستی بەدوادادێت.

هەوی درێژخایەنی بۆری هەوا بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆکەو بەڵغەم بەدرێژایی ڕۆژەکان بۆماوەی لانی کەم سێ مانگی یەك لەدوای یەك بەدرێژایی لانی کەم دوو ساڵی دوابەدوایەکدا دەبێت. بەڵغەمی خوێناوی دەشێت دەرئەنجامی خراپتربوونی باری نەخۆشییەکە بێت.

عادەتەن هەناسە توندی یەکەمین نیشانەیە وا لەنەخۆشەکە دەکات سەردانی پزیشك بکات. پلەی هەناسە توندییەکە دەبێت دیاری بکرێت ئەویش بەپێوەری MRC گۆڕاو

پلە: ڕادەی هەناسە توندی لەپەیوەند بەچالاکییەوە

سفر تەنیا لەکاتی چالاکییەکی زۆر سەختدا.

1 لەکاتی خێرا ڕۆیشتن بەسەر زەوییەکی تەختدا یان سەرکەوتن بەسەر هەورازێکی کەمدا.

2 هێواشتر ڕۆیشتن لە هاوتەمەنەکانی خۆی لەسەر زەوییەکی تەخت (هەناسەی توند دەبێت یان کاتێك بەهەنگاوی خۆی دەڕوات دەبێت بوەستێت تا هەناسە دەدات.

3 وەستان بۆ هەناسەدان پاش ڕۆیشتنی 100م یان چەند دەقیقەیەکی کەم لەسەر زەوییەکی تەخت.

4 تەنیا هاتنەدەرەوە لەماڵەوە زۆر هەناسەی توند دەکات یان کاتی خۆگۆڕین.

لەکاتی قۆناغی پێشکەوتووی نەخۆشییەکە: بوونی ئاوسان دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، لەوانەشە بۆ یەکەمین جار لەکاتی خراپتربوونەکاندا بەدی بکرێت، سەرئێشەی بەیانیان نیشانەی فرە دوانۆکسیدی کاربۆنە لەخوێنداHypercapnia.

نیشانە جەستەییە دیدەنییەکان تایبەت نین واتە لەگەڵ فرمانی سییەکاندا زۆر ناگونجێن، وەك بوونی ئاوسانی قاچەکان، خرەخری سییەکان دەشێت پاش هەوکردن ڕوویدات، ئەگەر بەردەوام بوو دەبێت گومان لەبۆری هەواییە فراوان بووەکان بکەین.

دوو جۆری تایبەتی دەستنیشانکراوە

Pink Puffer: بەشێوەیەکی تایبەتی باریك و هەناسە توندن و نیمچە پەستانیCO_2ئاساییە تا دوا قۆناغی نەخۆشییەکە.

Bluebloater: نەخۆشەکە فرە

دوانۆکسیدی کاربۆنی خوێنی هەیە، لەسەرەتادا نەخۆشەکە لەوانەیە بەرگەی بگرێت و پاشان دووچاری ئاوسان و خوێن خەستی دەبن. زۆرجار ئەم دوو جۆرە پێکەوە ڕوودەدەن لەنەخۆشێکدا.

لێنۆرینەکان

1. هەرچەندە وێنەی تیشکی سنگ زۆر پشتی پێ نابەسترێت، بەڵام زۆر بەسوودە بۆ ناسینەوەی نەخۆشییە لێکچووەکانی وەك دڵەسستێ، ماکەکانی دیکەی جگەرەکێشان وەك شێرپەنجەی سییەکان و بڵقی هەوایی. سەرژمێری پێکهاتەکانی خوێن بەسوودە بۆ دەرخستنی کەمخوێنی یان خوێن خەستی. لەنەخۆشە کەم تەمەنەکانیشدا کە ئیمفزیمای بنکەیی (بەشی خواری سی) هەبێت، دەبێت ئەنزیمی (antiproteinase1-α) هەڵسەنگێنرێت.

2. قەبارەی هەوای دراوە لەیەك چرکەدا FEV1 کەمترە لە80٪ پێشبینیکراو پاش پێدانی بۆری هەوا فراوانکەرەکان.

3. ڕێژەی FEV1 بۆ FVC (زۆرترین هەوای دراوە پاش زۆرترین هەوای هەڵمژراو) کەمتر لە70٪ بێت.

4. تیشکی تەنووری CT scan: بۆ لەهەڵسەنگاندنی ئەم نەخۆشییە بەکاردێت، چونکە یارمەتیمان دەدات لەدۆزینەوەو تایبەتمەندکردن و چۆنیەتی ئیمفزیما.

هەڵسەنگاندنی توندێتی گیرانی ڕۆیشتنی هەوا بەگوێرەی FEV1

توندێتی	FEV1
هێواش	Mild ٪50-80 پێشبینیکراو
ناوەند	Moderate ٪30-49 پێشبینیکراو
توند	Severe>٪30 پێشبینیکراو

چارەسەرکردن

چارەسەری COPD زۆرجار جێگەی ڕەشبینییەکەی بێ بەهانە بووە، بەڵام عادەتەن هەناسەبڕکێکەی بەرەو چاك بوون دەچێت، ژمارەو توندێتی خراپتربوونەکان کەم دەکاتەوە و باری تەندروستی و داهاتووی نەخۆشییەکە باش دەبێت.

پوختەی چارەسەرکردنەکە

1. وازهێنان لەجگەرەکێشان: دەبێت نەخۆشەکە هانبدرێت و یارمەتی بدرێت بۆ وازهێنان لەجگەرەکێشان، چونکە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەگەشەکردن و بەرەو خراپتر بوونی نەخۆشییەکە، وازهێنانی قورسە، بەڵام تاکە ڕێگایە بۆ ڕێگرتن لەهاتنە خوارەوەی FEV1. دەبێت نەخۆشەکە ئاگادار بکرێت لەوەی وازهێنانەکە دەشێت نیشانەکانی سنگی خراپتر بکات، بەڵام دڵنیابکرێتەوە کە کاتییە.

2. چارەسەرکردنی هەناسەبڕکێ و زوو هیلاك بوون لەڕێی:

- بەکارهێنانی بۆری هەوا و فراوانکەرە کورت-کارەکان (هاندەرەکانی وەرگری B2 یان دژە-کۆلینێرجیك anti cholinergic).
- ئەگەر هێشتا نیشانەی هەبێت، ئەوا هاندەرەکانی وەرگرەی B2ی کورت-کار و دژە کۆلینێرجیکی کورت-کار بەیەکەوە بەکاردێن.
- ئەگەر هێشتا نیشانەی هەبوو، بۆری هەوا فراوانکەرە درێژ-کارەکان (هاندەری B2 یان دژە کۆلینێرجیك) بەکاردێت.

لەCOPD مامناوەند یان توندا:

ئەگەر هێشتا نیشانەداربوو، هەوڵی بەکارهێنانی هاندەرەکانی وەرگرەی B2 درێژ-کار و کۆرتیکۆستیرۆیدی بەهەڵمکراو بدە، ئەگەر پاش چوار هەفتە سوودی نەبوو، ئەم چارەسەرە رابگرە.

- ئەگەر هێشتا نیشانەداربوو: دەرمانی سیۆفیلینTheophylline دەشێت زیادبکرێت.
- باری فرمانی سییەکان دەبێت چاك بكرێت و بۆ هەموو نەخۆشەکان بەشێوەیەك دابین بكرێت كە خۆیان وا هەست دەكەن بێتوانان.
- نەشتەرگەری یەکێکە لە چارەسەرەکان: ئەگەر بڵقی هەوایی Bullae هەبێت دەبێت لابرێت، هەروەها چاندنی سی و کەمکردنەوەی قەبارەی شانەی ئمفزیماکە.

3. خراپتربوونەکان

- ڤاکسینی ساڵانەی ئەنفلونزاو بەکتریای شێوە زنجیرەیی سییەکانPneumococeal.
- فێربکرێت چۆن خۆی چارەسەر بکات.
- بەکارهێنانی یەك یان زیاتری بۆری هەوا فراوانکەرە درێژ-کارەکان (هاندەری B2یان دژە-کۆلینێرجیك).
- زیادکردنی کۆرتیکۆستیرۆیدی بەهەڵمکراو ئەگەرFEV1=٪50 و دوو زیاتر خراپتربوون هەبێت لەماوەی 12 مانگدا ئەمانە عادەتەن بۆری هەوا فراوانکەرە درێژ-کارەکانیان لەگەڵدا بەکاردێت.

4. هەناسە سستێ: چارەسەری درێژخایەنی ئۆکسجین لەماڵەوە دەرکەوتووە چۆنیەتی ژیان باشتر دەکات تەمەن درێژدەکات، ڕێگە لەبەرەو پێشچوونی بەرزە فشاری سی

دەگرێت و ڕێژەی دروست بوونی خوێن خەستی کەم دەکاتەوەو تەندروستی دەماری–دەروونی نەخۆشەکە باشتر دەکات.

دەبێت ڕۆژانە لانیکەم15سەعات بەکاربێنێت، ئەگەر لە20سەعات زیاتر بێت لەڕۆژێکدا، سوودەکەی زیاتر دەبێت.

چارەسەری ئۆکسیجنی گەڕۆك دەبێت لەو نەخۆشانەدا بەکاربێت کە ڕێژەی O_2 یان لەکاتی ڕاهێناندا دادەبەزێت لەخوێندا، ئەم چارەسەرە توانای ڕاهێنان و هەناسە تەنگی باشتر دەکات.

5. قەڵەوی و لاوازی: لەڕێی چارەسەری خۆراکی و پەیڕەوکردنی سستمێکی خۆراکی گونجاوەوە.

6. کۆکەی تەڕی درێژ خایەن: چارەسەرکردنی لەڕێی، چارەسەری سی پاککەرەوە Mucolytic، ئەگەر نیشانە داربوو ئەوا دەبێت بەردەوام بێت لەسەر ئەم چارەسەرە.

8. دڵەڕاوکێ و خەمۆکی: دەبێت ئاگاداری ئەم نەخۆشانە بین، بەتایبەتی ئەوانەی لەڕووی جەستەییەوە پەکیان کەوتووە، چارەسەر دەرمانی گونجاوە.

9. حاڵەتی Corpulmonale: چارەسەرکردنی لەڕێی ئۆکسجین، بەکارهێنانی دەرمانە میزپێکەرەکان Diuretics.

داهاتووی نەخۆشییەکە

ئەم نەخۆشییە مێژووەکەی سروشتێکی جۆراو جۆری هەیە، داهاتووی، لەگەڵ تەمەندا پێچەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ FEV_1شدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت پاش بەکارهێنانی بۆری هەوا فراوانکەرەکان. ئاماژە خراپەکانی دیکە بریتین لەکێش دابەزین و بەرزە فشاری سی.

خراپبوونە ناکاوەکانی

خراپبوونی باری نەخۆش بەزیادبوونی نیشانەکان و خراپتربوونی فرمانی سییەکان و باری تەندروستی، جیا دەکرێتەوە. کاتێك نەخۆشییەکە بەرەو پێش دەچێت، خراپتربوونەکان زۆر دەبن و دەشێت بەهۆی بەکتریاو ڤایرۆس و گۆڕانی دۆخی هەواوە دروست ببێت. لەوانەشە هەناسە سستێ و مانەوەی شلە لەلەشدا بەدوای خۆیدا بهێنێت و هۆکارێکی گرنگی مردن بەرجەستە بکات.

زۆربەی نەخۆشەکان دەکرێت لەماڵەوە چارەسەر بکرێن بە بەکارهێنانی بۆری هەوا فراوانکەری زیادکراو و کۆرسێکی کورتی کۆرتیکۆستیرۆید لەڕێی دەمەوە و ئەگەر گونجاش دژە زیندەگی.

بەڵام کاتێ شین بوونەوەو ئاوسانی دەست و قاچەکانی یان گۆڕان لەئاستی هۆشی نەخۆشەکەدا تێبینی دەکرێت، ئەوا پێویستە ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت.

چارەسەر

1. ئۆکسجین

ئۆکسجینی کۆنترۆڵکراو لەئاستی24٪ یان 28٪ دەبێت بەکاربهێنرێت و ڕادەی ئۆکسجین تێری لەسەرووی 90٪ بمێنێتەوە. بەکارهێنانی بەرزی خەستی O_2 لەوانەیە ببێتەهۆی کپکردنی هەناسەو خراپترکردنی فرە ترشبوونی خوێن.

2. بۆری هەوا فراوانکەرەکان دەبێت هاندەرەکانی کورت-کاریB_2ی هەڵمکراو لەگەڵ دەرمانی دژە-کۆلینێرجیك بەکاربهێنرێت.

3. کۆرتیکۆستیرۆید: حەبی پردنیزۆلۆن لەڕێی دەمەوە، 30 ملگم بۆ 10ڕۆژ، نیشانەکان کەم دەکاتەوەو فرمانی سییەکان باشتر دەکات، بەڵام ئەگەر کۆرسەکە کەمتر بێت باشترە، چونکە ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاربهێنرێت دەبێتەهۆی ئێسکە داخورانosteoporosis، دەکرێت دەرمانی بسفۆسفۆنەیت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێگرتن لەم زیانە لاوەکییە.

4. چارەسەر ئەنتیبایۆتیك باش وایە لەو نەخۆشانەدا بەکاربێت کە خەستی بەڵغەم و قەبارەکەی یان هەناسە تەنگییان زیادی کردبێت.

5. هەوا گۆڕکێی نا- کونکەر-Non invasive ventilation

ئەگەر پاش چارەسەرەکانی سەرەوە، نەخۆشەکە هێشتا هەناسە توندی و فرە ترشبوونی خوێنی هەبێت ($PH < 7.35$) ئەم چارەسەرە دەست پێدەکرێت.

6. چارەسەری زیادکراو: پاڵپشتێکی جەماوەری هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەمینۆفلینی aminophylline دەماری، بەڵام سوودەکەی زۆر سنووردارە و لەوانەیە ببێتەهۆی ناڕێك لێدانی دڵ.

هەروەها هاندەرە هەناسەییەکان (دۆکساپرام) بۆ ماوەیەکی سنووردار لەهەندێك نەخۆش کە ڕادەی هەناسەدانی کەمیان هەیە دەشێت بەکەڵك بێت. میزپێکەرەکان دەبێت لەو نەخۆشانەدا بەکاربێت کە ئاوسانی دەست و قاچیان هەیە.

هەرکاتێکیش باری نەخۆشەکە جێگیر بوو لەسەر چارەسەری بەردەوام ئەوا دەنێرێتە ماڵەوە.